**لەئاكسیۆنی لەندەن دا بۆ دیفاع لە محمودی صاڵحی و مەنسور ئەسانلۆ**

**نوێنەری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق قسەوباس دەكات!**




**رۆژی 2007/8/9 بەئامادەبونی زۆرێك لەحیزب و لایەنە چەپ و كۆمۆنیستەكانی ئێران و ئیتحادیەی كریكاری ITF و چەند لایەنێكی كرێكاری و چە پی بەریتانی و حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق كەحزوریان هەبوو، ئاكسیۆنێكی نارەزایەتی لەبەردەم سەفارەتی جمهوری ئیسلامی ئێران سازدرا، ئەم ئاكسیۆنە بەدژی سیاسەتی سەركوت و دژی كرێكاری ئەو دەوڵەتە هارە ئیسلامیەبوو، وە بۆ دیفاع لە محمودی صالحی و مەنسور ئەسانلۆ، وەك هەلسوراوانی بزوتنەوەی كریكاری كەئەوە بۆ چەندەمین جارە دەستگیردەكرین و لەزیندانەكانی جمهوری ئیسلامی توند دەكرین، زۆرێك لەو لایەنانە قسەوباسی خۆیان كردوو وە شیعارودروشمی دژی جمهوری ئیسلامیان داو و شیعاری ئازادی بۆ محمودی صالحی مەنسور ئەسانلۆیان بەرزراگرتبوو و دەوتەوە. هاوكات ئیتحادیەی ITF چەند صندوق لەنامەی نارەزایەتیان برد بۆ ئەوەی تەسلیمی سەفارەتی جمهوری ئیسلامی بكەن كەئیتحادیەی ناوبراو بۆ دیفاع لە محمودی صاڵحی و مەنسور ئەسانلۆ كەمپینیان بەریخستبو، بەلام هاوكاتی مەوجودی كەسانی**

سەربە جمهوری ئیسلامی لەسەفارەتەکەو لە پەنە جەرەکانەوە وینەگرتنی کامیراو فیدیۆی خۆپیشاندەران، بەلام نەیانویرا کە دەرگای سەفارەتیش بەحمایەی پۆلیسەوە بگەنەوە. بۆیە سەرکۆی ئیتحادیەکە لەقسەکانیدا نیگەرانی دەربری. وەزۆێك لەنوینەرانی ئەو حیزب ولایەنانە قسەوباسی خۆیان کرد لەسەرکوت و دژی ئینسانی ئەو رژێمەو بەتایبەت بەرامبەر کریکاران.



هاوکات نوری بەشیر، لیپرسراوی رێکخراوی بەریتانیای حیزب لەقسەکانیدا ئاماژەی دا بەوەی کە رژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران، وەك دەوڵەتێکی دژی ئینسانی و دژی کرێکاری و دژی ژن، تەنها لەئاستی ئێراندا هێزیکی کۆنە پەرست و سەرکوت نیە، بەڵکو لەئاستی ناوچەکەو جیهانیشدا هێزیکی کۆنە پەرست و سەرکوتکەرو تیرۆریستەو لە پشتی هیزە تیرۆریست و کۆنە پەرستەکانەوە وەستاوە. لەدریژەی قسەکانیدا ئیشارەی دا بەوە کەلەسیناریۆی رەشمی ئێستای عێراقدا جمهوری ئیسلامی ئێران هێزیکی گەورەیە کەتەقویەتی هیزە ئیسلامیە تیرۆریستەکان دەکات بە پارە و چەك و تەقەمەنی و ئینسانەوە وە دەوری بەرچاوی هەیە لەکوشت و کوشتاری خەلکی بیتاوانی عیراق تیرۆردا، هێزیکە کەدەورێکی گەورەی هەیە لەکێشمەکێشەکان و نائیستقرای عێراقداو دەخالەتی راستەوخۆ لەوەزعیەتی عیراق و کوردستاندا، حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئێران هیزی کۆنەنە پەرست و دژی ئینسانیە کەئەمرۆ لەو ناچەیەدا پالپشتی هیزە ئیسلامیەتیرۆریستە جۆراو جۆرەکان دەکات بەئیسلامیە ترۆریستەکانی

قاعیدەشەوە، بۆیە دەبێت ئەو بەهێزی خەڵك و ڕێکخراوبونیان جمهوری ئیسلامی ئیران هەڵپێچرێت و حکومەتی دڵخوازی خەڵك لەجێگای دامەزریت، کە ئەمەش تەنیا سودمەن نیە بۆ خەلکی ئیران بەلکو بۆخەلکی ناوچەکەو بەتاییەت خەلکی عیراق و کوردستان دەبێتە مایەی خۆشبەختی، بۆ ئەم کارەش دەوری هیزە سیاسیەکان بەرچاو دەبیت، وە هەر ئەمەش دەتوانیت پیشتیوانی راستەقینەی کریکاران و ئازادکردنیان بیت، ئێمە وەك حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە پیشەوەی خەباتداین لەعیراق و کوردستاندا بەدژی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیران. وە دیفاعی سەرسەخت لەمەسەلەی کریکارن دەکەین و داوای دەستبەجی کریکارانی زیندانی بەتاییەت محمودی صاڵحی و مەنسور ئەسانلۆین.
هاوکات لەچەندین وولاتی دنیادا ئاکسیۆنی لەم چەشنە ئە نجامدراوە.